کورتە چیرۆك

# بکوژ .. توان دوو

عومەر سەیدە . کەرکوك
omerseyda@yahoo.com

ماوەی تەنها دوو سەد مەتری مابوو بگاتە شوێنی دیاریکراو, ئەو شوێنەی کە داوای لێکراوە ئەمرۆ کارەساتێکی گەورەی تیا بخولقێنێ, خەیالی رۆیشت بۆ لای مندالە تەمەن چوار سالەکەی, کە هەموو ئێوارەیەك دەیوت:"بابە شیرینیت بۆ هێناوم؟!!", پاش چەند چرکەیەك ئۆتۆمبێلەکانی پێشی وەستان و(باسم رەبیاشی)یش بە ناچاری ئۆتۆمبێلەکەی راگرت, تەماشای کرد مەفرەزەی پۆلیسەو بەدوای تاوانباراندا دەگەڕێن, وەکو فەرماندەکانی پۆلیسی شاریش شەوانە لە کەنالەکانی راگەیاندنەوە دەیانوت و بانگەشەیان بۆ دەکرد, بەتایبەت بەدوای ئەوانەدا دەگەڕێن کە دەیانەوێت کردەوەی تیرۆریستیی ئەنجام بدەن.

(باسم) دە ئۆتۆمبێلی لەپێشەوە مابوو تا بگاتە لای پۆلیسەکان, ریمۆتی کۆنترۆلی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلەکەی گرت بە دەستی راستییەوە نەبادا ئاشکرا بێت, لەو دەمەدا خەیالی رۆیشت بۆ لای ئەو چارەنووسەی چاوەڕوانی خوشکە جوانەکانی دەکات, هات بە خەیالیدا کە(جاسم)ی برای بە تەنها پێی ناکرێت بژێوی خێزانێك دابین بکات, ناشتوانێت هەر خۆی چاودێری هەر چوار خوشکەکەی بکات, (5000) پێنج هەزار دۆلاریش هەر بەشی ماوەیەك دەکات بۆ خێزانێکی(8) نەفەریی.

(باسم رەبیاشی) کەوتەوە بیری کە چارەنووسێکی زۆر ترسناك چاوەڕوانی خۆی و ژن و مندال و خوشکەکانی دەکات, چونکە(باسم) لەبری ئەو(5000)دۆلارەی کە حکومەت تەرخانی کردوە, ئامادەیی دەربڕیوە بەرەو عێراق بێت و لەهەر شوێنێك کە بۆی دیاریی دەکرێت خۆی بتەقێنێتەوە, ئەم رازیبوونەیش تەنها لەبەرامبەر ئەو بڕە پارەیەیە کە دەشێت بۆ ماوەیەکی باش خێزانێکی پێبژێت, ئەگەرنا لەبەر بێ کاریی و کەمدەرامەتی و گوێ نەدانی حکومەت و دەسەلات بەهاولاتیان, زۆرجار باوك و براو مێرد رێگە بەژنان دەدەن .. یاخود زۆریان لێدەکەن کە کاری لەشفرۆشی بکەن بۆ پەیداکردنی بژێوی رۆژانەیان, بەتایبەت لەگەل موشتەرییە بیانییەکاندا.

(باسم) دلنیابوو لەوەی کە هیچ بڕوایەکی بەو کارە نیە کە دەیکات و نایەوێت بۆ چرکەیەك بڕوای پێبهێنێت, بەلام لەپێناو حەلالکردنی ئەو بڕە پارەیە بەخێزانەکەی, ئەو کارەی ئەنجام دەدا, هیچ بوارێکیش نەما بۆ پەشیمان بوونەوە, چونکە نزیکی پۆلیسەکان کەوتووەتەوە, لەڕاستییدا(باسم رەبیاشی) کوڕێکی دەبەنگ و ملهوڕ بوو, چونکە هێشتا زۆر گەنج بوو, دەیتوانی لەبری ئەو کارە .. بیر لە شۆڕشێك بکاتەوە بۆ گۆڕینی دەسەلات و هێنانە ئارای دەسەلاتێکی دادپەروەرانەو

مرۆڤدۆستانە, بەڵام ئەگەر دەرگای بیرکردنەوە لەماڵی عەقڵ دابخرێت, دەتوانی چی بکەیت؟!!.
گەیشتە بەردەم پۆلیسەکەو ریمۆتەکە لەدەستی راستییدا بوو, بە عەرەبی سڵاوی کردو پۆلیسەکە بە کوردی ووتی:"سەرچاو .. فەرموو کاکە .. بڕۆ", ریمۆتەکەی داناو گێڕی گۆڕیو دەرچوو, بەڵام لەو کاتەدا کە رۆیمۆتەکەی دانا .. لێخوڕی ئۆتۆمبێلێك لە تەنیشتییەوە ریمۆتەکەی بینی بەدەستییەوە, هەر بۆیە خێرا ئۆتۆمبێلەکەی راگرتو هاواری کرد بۆ پۆلیسەکانو ئاگاداری کردنەوە, ئەوانیش کەوتنە تەقەکردن بە ئاسماندا, دواجار(باسم رەبیاشی) خێراییەکەی زیاد کردو گەیشتە بەردەم بینای(دادگا) کە تیایدا لەڕێی حوکمی یاساو بڕیاری دادوەرەوە, کار بۆ چەسپاندنی یاسا دەکەن, (باسم) ریمۆتەکەی هەڵگرتو تەماشایەکی خێرای دەوروبەری کرد, بینی منداڵێکی(4 . 5) ساڵ لەناو ئۆتۆمبێلێکی بەرامبەری کە لە تەنیشت شۆستەکە وەستابوو, تەماشای دەکردو زەندەقی چوو بوو لە دەنگی تەقەکان.

سەری شۆڕ کردەوە سەر ریمۆتەکەو هەستو سۆزی لەدڵیدا دەرکردو نێوچەوانی گرژ کرد, گوشاری خستە سەر دوگمەی ریمۆتەکەو سەری هەڵبڕی, لە یەك چرکەدا پارچەیەك لەسەرزەمینی دۆزەخی خوڵقاندو هەر پلێك لە جەستەی بە لایەکدا رۆیشتو چاوی بە هیچ دیمەنێکیش نەکەوت لە بەهەشت بچێت.

تەنها ئەوەندە نەبێت دەیان تەرمی بێ سەرو بێ قاچو بێ دەستو بەخۆڵەمێشبوو لەناو شەقامەکانو دوکانو پەنا دیوارەکاندا کەوتن.